ئۆفیسی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

ئابی 2019

وەڵامی پرسیارەکانی هیومان ڕایتس ووچ دەربارەی بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ

## پرسیارەکان:

1- ناوی هەموو بەندیخانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ناوی ئەو هێزە ئەمنی و سەربازیانەی کە ئەو بەندیخانانە بەڕێوە دەبەن؟

2- ناوی ئەو بەندیخانە نافەرمیانەی کە حکومەتی هەرێمی لێیان ئاگادارە و بۆچی تا ئێستا ئەم شوێنانە کراوەن و چ هێزێکی ئەمنی و سەربازی بەڕێوەیان دەبات؟

3- ئەو هێزە ئەمنی و سەربازیانەی حکومەتی هەرێم کێن کە ئەرکیان دەستگیرکردن، بەندکردن و لێکۆڵینەوەیە لەگەڵ دەستگیرکراوان؟

4- ئایا حکومەتی هەرێم داتابەیسی مەرکەزی و نامەرکەزی هەیە کە ناو و ژمارەی ئەو دەستگیرکراوانەی تێدا بێت کە لەلایەن هێزە ئەمنی و سەربازییەکانەوە دەستگیرکراون؟ ئەگەر بەڵێ، تا چەند تێکڕای زیندانیانی ناو زیندانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق لەناو داتابەیسانەدا هەن؟

**<u>ئاماری ئەو کەسانەی بە تۆمەتی تێوەگلان لە کاری تیرۆریستی سزا دراون:</u>**

- **<u>دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر:</u>**

تا رۆژی 2017/8/22 ئەو کەسانەی کە بە تۆمەتی تیرۆر دەستگیر کراون ژمارەیان (675) گومان لێکراو بوو، لەوانە (56) کەس بێتاوان دەرچوون لە دوای لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان ئازادکراون، (619) کەس حوکمیان بۆ دەرچووە و سزاکانیشیان لە نێوان (سێ) ساڵ بەندکردن تاوەکو سزای لە سێدارەدان بووە، هەرچەندە لە سێدارەدان لە هەرێمی کوردستان راگیراوە. گشت دەستگیرکراوەکانیش بەپێی برگەی دووەم، سێیەم و چوارەم لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر مامەڵەیان لە گەڵدا کراوە.

- **<u>دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی دهۆک:</u>**

  - (1594) کەس بە تۆمەتی تیرۆر دەستگیرکراون.
  - (616) کەس بێتاوان دەرچوون و ئازادکراون.
  - (522) لە ژێر لێکۆڵینەوەدان.

- (456) کەس حوکمی دادگایان بۆ دەرچووە و سزاکانیشیان لە نێوان بەندکردن و لە سێدارەداندایە.
- (1300) کەس تێهەڵچوونەوە بە حوکمەکانیان کراوە.

- **<u>دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی:</u>**

**ئاماری ساڵی (2014):**

ڕاگیراوانی شەڕی تیرۆر تەنها (سێ) کەسن، یەکێک لەو ڕاگیراوانە پەراوی لێکۆڵینەوەکەی داخراوەو ئازادکراوە و یەکێکی دیش دوای لێکۆڵینەوە ئازادکراوە.

**ئاماری ساڵی (2015):**

- تەنیا (23) کەس بە ماددەی تیرۆر ڕاگیراون لەوانەش (18) کەسیان ئازادکراون، (پێنج) کەسیان ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری و ئاسایشی پارێزگای سلێمانی کراون .

**ئاماری ساڵی (2016)**

- تەنها پێنج ڕاگیراو هەبووە، یەک کەسیان بە ماددەی (یەک)ی تیرۆر دەستگیرکراوە و ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکوک کراوە، (چوار) کەسیش بە ماددەی (دوو)ی تیرۆر دەستگیرکراون و ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکوک کراون.

**ئاماری شەش مانگی یەکەمی ساڵی (2017)**

- تەنیا (چوار) کەس بە ماددەی تیرۆر ڕاگیراون، یەک ڕاگیراو ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری و ئاسایشی پارێزگای سلێمانی کراوە و ڕاگیراوێکیشیان ئازادکراوە.
- کەسێک بە ماددەی (دوو)ی تیرۆر ڕاگیراوە و پاشان ئازادکراوە.
- کەسێک بە ماددەی (یەک)ی تیرۆر ڕاگیراوە و ڕەوانەی دادگای لێکۆڵینەوەی کەرکوک کراوە.

**<u>ئەندامانی داعش لە سەرۆکایەتی دادگای نەوجەوانانی سلێمانی دادگایی کراون ژمارەیان (22) کەس بوون بەم شێوەیە:</u>**

- لە ساڵی (2014) ژمارەیان (چوار) کەس بوون.
- لە ساڵی (2015) ژمارەیان (دە) کەس بوون.
- لە ساڵی (2016) ژمارەیان (حەوت) کەس بوون .

- له ساڵی (2017) ژمارەیان (یەک) کەس  بوو .

- **<u>دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوک</u>**

ئەو کەسانەی کە لە سەرەتای شەڕی تیرۆرەوە دەستگیرکراون بەم شێوەیە بووە:

- له ساڵی (2014) ئەو کەسانەی دەستگیراون ژمارەیان (115) دەستگیرکراو بوون.
- له ساڵی (2015) ئەو کەسانەی دەستگیراون ژمارەیان (182) دەستگیرکراو بوون.
- له ساڵی (2016) ئەو کەسانەی دەستگیراون ژمارەیان (83) دەستگیرکراو بوون.
- له  شەش مانگی یەکەمی ساڵی (2017) ئەو کەسانەی دەستگیراون ژمارەیان (19) دەستگیر کراو بوون.

- **<u>ژمارەی ئەو کەسانەی کە تاوەکو ئێستا لە ژێر لێکۆڵینەوەدان بەمشێوەیە بووە:</u>**

- له ساڵی (2014) ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراوە (33) کەس بوون.
- له ساڵی (2015) ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراوە (78) کەس بوون.
- له ساڵی (2016) ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراوە (20) کەس بوون.
- <u>له شەش مانگی یەکەمی ساڵی (2017) ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراوە (شەش) کەسن.</u>

- **<u>ژمارەی ئەو گیراوانەی کە سزایان بۆ دەرچووە:</u>**

- له ساڵی (2014) ئەو گیراوانەی کە سزایان بۆ دەرچووە (پێنج) کەس بوون.
- له ساڵی (2015) ئەو گیراوانەی کە سزایان بۆ دەرچووە (23) کەس بوون.
- له ساڵی (2016) ئەو گیراوانەی کە سزایان بۆ دەرچووە (حەوت) کەس بوون.
- له شەش مانگی یەکەم ساڵی (2017) هیچ کەسێک سزای بۆ دەرنەچووە، بەڵام (36) کەس سزاکانیان تەمیز کراوەتەوە.

**<u>بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی:</u>**

1- (نۆ) تاوانبار لە دادگای تاوانەکانی سلێمانین و (سێ) کەسیان ئەنجامی دادگایەکانیان دەرنەچووە.

2- (سێ) کەسیان حوکم دراون (دوو) کەسیان بۆ ماوەی (حەوت) ساڵ و (1) کەسیش بۆ ماوەی (پێنج) ساڵ و یەک مانگ بە پێی ماددەی (سێ)ی بڕگە (حەوت) لە یاسای تیرۆر حوکم دراون.

3- (دوو) کەس لە دادگای تاوانەکانی سلێمانین، (سێ) کەس ئازادکراون و دۆسیەکانیان لە دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێرە.

4- (10) کەس رەوانەی دادگاکانی دیکە کراون بە پێی تایبەتمەندی.

5- (106) کەس ئازادکراون.

6- (26) کەس لەژێر لێکۆڵینەوەدان.

هیچ کەسێک بە پێی بڕیاری دادگا سزاکانیان (استئناف) نەکراوە. بەپێی یاساو ڕێنماییەکانی مافی مرۆڤ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

<u>**ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە دوای لێکۆڵینەوەکان بێتاوان بوون و ئازادکراون:**</u>

1- لە ساڵی (2014) ئەو کەسانەی کە لە دوای لێکۆڵینەوەکان بێتاوان بوون و ئازادکراون (44) کەس بوون.

2- لە ساڵی (2015) ئەو کەسانەی کە لە دوای لێکۆڵینەوەکان بێتاوان بوون و ئازادکراون (74) کەس بوون.

3- لەساڵی (2016) ئەو کەسانەی کە لە دوای لێکۆڵینەوەکان بێتاوان بوون و ئازادکراون (52) کەس بوون.

4- لە ساڵی (2017) ئەو کەسانەی کە لە دوای لێکۆڵینەوەکان بێتاوان بوون و ئازادکراون (شەش) کەسن.

## 5- چ ڕێنماییەک هەیە بۆ هێزە ئەمنییەکان لەسەر:

یەکەم : هەڕەشە و بەکارهێنانی زەبر و زەنگ لە کاتی دەستگیرکردندا ؟

دووەم: دەستگرتن بەسەر کەلوپەل و موڵکی شەخصی لە کاتی دەستگیرکردندا ؟

سێیەم: چ کاتێک هەڕەشەی بەکارهێنانی زەبر و زەنگ لە کاتی لێکۆڵینەوەدا گونجاوە؟

تکایە ئەم ڕێنماییانەمان بۆ روون بکەنەوە.

- بەپێی یاسا ئەشکەنجەدانی تۆمەتبار و سزادراوان بەشێوەیەکی گشتی بۆ وەرگرتنی دانثیدانان و زانیاری بە تاوان دادەنرێت، ڕێگا نادرێت کە ئەفسەر و کارمەندانی پۆلیس ڕاگیراوان ئەشکەنجە بدەن بەپێی ماددەی (333) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو، هەر تۆمەتبارێک لەکاتی لێکۆڵینەوە ئەشکەنجە درابێت لەرووی یاساییەوە مافی هەیە سکاڵا تۆمار بکات دژی ئەو کەسەی ئەشکەنجەی داوە، ئەمەش پاڵپشت بە

ماددەی (19/ سێیەم)ی دەستووری عێراقی فیدڕاڵ، بەڵام هەندێک جار گومانلێکراو یاخود تاوانبار کاتێک رادەگیرێت لە ناو بەندیخانە هاندەدرێت بۆ ئەوەی دەزگاکانی پۆلیس وا نیشان بدات کە ئەشکەنجەیان داوە. هەرکەسێک دەستگیر دەکرێت نەوجەوان بێت یان تەمەنی تەواو بێت بە بڕیاری دادوەر رادەگیرێت بەپێی ماددەی یاسایی تایبەت بە تاوانی خۆی و بە هیچ شێوەیەک ئەشکەنجە نادرێت یان مامەڵەی نامرۆڤانەی لەگەڵدا ناکرێت وەک گشت زیندانییەک مافی خۆی هەیە.

- هەموو بەندکراوێک دەتوانێت هەر داواکارییەکی هەبێت لە رێگای کارگێڕیی بەندیخانە یان داواکاری گشتی یان لە رێگای کەسوکاری کاتێک سەردانی دەکەن یان لە رێگای رێکخراوەکانی تایبەت بە مافی زیندانیان بەرزیبکاتەوە ، لەلایەکی دیکەوە هەر منداڵێك بە هەر هۆكارێك بەبێ دایك و باوك بێتە هەرێمی كوردستان، زۆر بەباشی لە لایەن بەڕێوەبەرانی کەمپەکان و ڕێکخراوە ناوخۆیی ونێودەوڵەتییەکانەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە و هەوڵدراوە ئەو کەسانە سوودمەند بکرێن لە سیستەمەکانی (فێرکردنی خوێندن و پاراستنی کۆمەڵایەتی و فێرکردنی کاری دەستی). لە کاتی هاتنی ئاوارەکان مامەڵەی تایبەت لەگەڵ منداڵی بێ سەرپەرشتیار دەکرێت و شوێنی تایبەتیان بۆ تەرخان دەکرێت.

<u>**رەوشی تەندروستی لە گرتووخانەکان:**</u>

لە هەموو گرتوخانە چاکسازییەکاندا (٢٤) کاتژمێر بنکەی تەندروستی وتیمی پزیشکی هەیە، هەروەها تاقیگە و دەرمان هەیە و بۆ هەر بەندکراوێک فۆرمی تایبەت درووستکراوە. هەر بەندکراوێک لە سەرەتای هاتنی بۆ گرتوخانەکانی گرتن و گواستنەوە، پشکنینی تایبەتی پەیوەنداری پێویستی بۆ دەکرێت و فایلی تەندروستی تایبەت بە خۆی دەبێت، هەروەها پشکنین بۆ نەخۆشییە گوازراوەکانی وەک (هەوکردنی جگەر و ئایدز و سیل) و نەخۆشیە درێژخایەنەکانی وەک (شەکرە و فشاری خوێن) و نەخوشیەکانی دیکە بۆ ئەنجام دەدرێت.

6- لە کاتی نەبوونی فەرمانی دادوەر بۆ دەستگیرکردن، رێنماییەک پەیڕەو دەکرێ کاتێک بەرپرسێک بڕیاری دەستگیرکردنی کەسێک دەدات بە هۆکاری ئەمنی لە بازگەیەک یان لە کاتی پاککردنەوەی ناوچەیەک کە پێشتر لەژێر کۆنترۆڵی داعشدا بووە، یان لە کاتی هەڵمەتی پاککردنەوەی ناوچەیەک کە رووداوێکی ئەمنی تێیدا روویداوە؟

- لە سەرەتادا رێوشوێن و پرۆسەی دەستگیرکردن لەو زانیاریانەوە دەستپێدەکات کە لە رێگای هەواڵدەری نهێنییەوە بە دەست هێزە ئەمنییەکانەوە دەگات، سەبارەت بە چۆنییەتی دەستکەوتنی

زانیاری دەربارەی تیرۆریست و گومانلێکراوان ناوبرا دەزگا ئەمنییەکان پشت بە زانیاری هەواڵدەری نهێنی (مخبر سری) دەبەستن دوای ئەوەی لە زانیارییەکان دڵنیا دەبنەوە، و هیچ کەسێک بە پشت بەستن بە زانیاری نادرووست دەستگیر ناکرێ. بۆ ئەم مەبەستەش چەند مەرجێک بۆ هەواڵدەری نهێنی دانراوە لەوانەش

- پێویستە فۆرمی خۆراک و رەگەزنامە و ناسنامەی باری شارستانیی کەرکوک بێت .
- هەروەها پێویستە بە قورئان سوێند بخوات لەسەر راستی زانیارییەکان.

هەواڵدەری نهێنی کارێکی زۆر زەحمەت و مەترسیدارە چونکە پێویستی بە بوونی بەڵگەنامەی درووست و سوێند خواردن و ئامادەبوون هەیە.

دوای ئەوەی لایەنە ئەمنییەکان زانیاری تەواو لەسەر گومانلێکراوان دەدەن بە دادوەر، دادوەر رەزامەندی دەدات بە دەستگیرکردنی گومانلێکراوان، فەرمانی دەستگیر کردنیان بۆ دەردەچێت بەم پێیەش رێگا بە هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس دەدرێت بە گرتن و پشکنین و بەدواداچوونی گومانلێکراوان و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەگەڵیان، لەم قۆناغەدا بۆ ماوەی (٢٤) کاتژمێر لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەمێننەوە بە مەبەستی ئەنجامداني لێکۆڵینەوەی سەرەتایی لەطةلَياندا.

دوای دەستگیرکردنی گومانلێکراوان پەراِوی تایبەتیان بۆ دەکرێتەوە و دەنێردرێن بۆ دادگاکانی لێکۆڵینەوە کە بەشێوەیەکی گشتی بۆ ماوەی (٧٢) کاتژمێر کە لەژێر لێکۆڵینەوەدا دەبن، بەڵام هەموو مافێکی یاساییان پارێزراو دەبێت وەک دابینکردنی پارێزەری تایبەت بە بەرگری، ئەگەر لەو ماوەیەدا سەلمێندرا کە لە کاری تیرۆریسیتیدا نەگلاوە و بێتاوانە ئەوا بە بڕیاری دادوەري لێکۆڵینەوە ئازاد دەکرێت، بەڵام بە پێچەوانەوە رێوشوێنی یاسایی بەرامبەردا دەگیرێتە بەر وەک ئەوەی ناردنی پەراِوی لێکۆڵینەوەکان بۆ دادگای تاوان.

ئینجا لەوێدا بەپێی یاسا پەیرەوکراوەکانی تاوان و دیاریکردنی کاتی دادگایی کردن گونجاندنی یاسایی (التکییف القانونی) بۆ ئەنجام دەدرێت. بە شێوەیەکی گشتی هیچ کەسێك بەبێ فەرمانی داداگا دەستگیر ناکرێت و دوای دەستگیرکردنیشی مافی هەیە پارێزەر بگرێت بۆ بەرگریکردن لێی، و تا ئەو کاتەی تۆمەتەکەی لەسەر دةسةلمێندریَت دەبێت بە تاوانبار دانانرێت.

وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەزگای جێبەجێکردنی بڕیار وفەرمانەکانی داگاکانە و هەر کەسێك فەرمانی دەستگیر کردنی لە دادگا بۆ دەرنەچووبێت دەستگیر ناکرێت، بەپێی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی 1969 ی هەموارکراو پاش دەرچوونی فەرمانی دەستگیر کردن لەلایەن دادگاوە، تۆمەتبار دەستگیر دەکرێت و هەموو رێکارە یاساییەکانی لةبەرامبەردا دەگیرێتەبەر بەپێی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی (اصول المحاکمات الجزائیە) ژمارە (23)ی ساڵی 1971ی هەموار کراو،

بەم پێیەش وەزارەتی ناوخۆ دەسەڵاتی گرتن و ئازادکردنی کەسی نییە ئەگەر دادگا فەرمانی دەستگیرکردنی نەدات.
دوای ئەوەی راگیراو لە دادگاوە بڕیاري بۆ دەرەدچێت رەوانەی دامودەزگا تایبەتەکانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەکرێ بۆ سەپاندنی سزاکەی بەسەریدا بەپێی رێوشوێنە کارپێکراوەکان.

7- ئەو شێواز و میکانیزمە بە ردەستانەي حکومەتی هەرێمی کوردستان چین کە خێزانی بێسەروشوێنەکان بتوانن بەکاریان بهێنن بۆ تۆمارکردنی ناوی کەسوکاریان، وەک بێسەروشوێن و دەستکەوتنی زانیاری دەربارەی کەسوکارە بێسەروشوێنەکانیان؟ تکایە زانیاریمان بدەنێ دەربارەی ئەو لیژنە و میکانیزمە جیاوازانەی کە لەبەردەستن وچۆن خێزانێک بڕیار بدات کام میکانیزم بەکار بهێنێت و ئەو لیژنە و میکانیزمە جیاوازانە چی دەکەن لە دوای تۆمار و پێشکەشکردنی داواکاری و ماوەی چەندی پێدەچێت؟

**<u>مافە یاساییەکانی ئەوانەی بە تۆمەتی کاری تیرۆریستی تێوەگلاوون:</u>**

لەگەڵ هاتنی راگوێزراوان بۆ ساترەکانی هێزی پێشمەرگە وەک رێوشوێنێکی ئەمنی تەنیا پیاوەکان پشکنینێکی ئاساییان بۆ کراوە بە مەبەسی دڵنیابوون لە نەبوونی کەسانی تیرۆریست و خۆکوژ لە نێویاندا، دواتر دەگوازرێنەوە بۆ سەنتەرەکانی پێشوازی. دوای گواستنەوەی راگوێزراوان بۆ سەنتەری پێشوازی دووبارە پیاوەکان دەپشکێندرێن و بەهیچ شێوەیەک پشکنین بۆ ئافرەتان ئەنجام نادرێت، ئەم رێوشوێنانە زۆر جار بوونەتە هۆی ئەوەی کە ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان گلەیی ئەوە بکەن کە بۆچی ئافرەتەکان ناپشکێندرێن، بەڵام بەهۆی رەچاوکردنی دابونەریتی کۆمەڵایەتی و حورمەتی خەڵکەکە تا ئێستا  ئافرەتە راگورێزراوەکان پشکنینیان لەلایەن دام و دەزگا ئەمنییەکانەوە بۆ ئەنجامنادرێت.

لە پشکنینی یەکەم زانیاری لە خودی ئەو کەسانە وەرگیراوە کە ئاوارە دەبن و روو لە هەرێمی کوردستان دەکەن یاخود خۆیان دەربارەی ئەو کەسانە قسە بۆ لایەنە ئەمنییەکان دەکەن کە پەیوەندیان بە گروپی تیرۆریستی داعشەوە هەبووە. لە ماوەی ئەو چەند کاتژمێرەی کە لێکۆڵینەوە لەگەڵ کەسەکان دەکرێت، ئەگەر کەسێک گومانلێکراو بوو ئەوە بە پشتبەستن بە زانیاری لایەنە پەیوەندیدارەکان وەک (موختاری گەڕەک) و (عەشایرەکانی ناوچەکە) ئەو زانیاریانەی دەست لایەنە ئەمنییەکان کەوتوون جەختیان لەسەر دەکرێتەوە و ئینجا گومانلێکراو دوای دەرچوونی بڕیاری دادگا دەستگیر دەکرێت.

پشكنین تەنها چەند كاتژمێرێک دەخایەنێت و پاش پشكنین راگوێزراوەكان دەنێردرێنە كەمپەكان و ئەو كەسانەی گومانلێكراویشن دەستگیر دەكرێن. دادوەر كەیسیان بۆ دەكاتەوە و راستەوخۆ پاش دەستگیركردنی بنەماڵەكەی ئاگادار دەكرێنەوە لە هۆكاری دەستگیر كردنی. هەروەها مافی ئەوەشی دەبێت كە پارێزەر بۆ خۆی بگرێت. لە كاتی دەستگیر كردن و ئازادكردنیشیان ئەمانە لە خێزانەكانیان جودا ناكرێنەوە و پاش ئازادكردنیان دەگەیەندرێنەوە بۆ بنەماڵەكانیان.

لە بارەی ئەو بەڵگانەی لەسەر گومانلێكراو و تاوانباران كۆدەكرێتەوە، بەڵگەكان جیاوازن و هەندێكیان لەرێگەی مۆبایلی تاوانبارەكانەوە دەستدەكەوێت یاخود لە رێگای بەكارهێنانی ماددەیەكی تایبەت كە هێزە ئەمریكییەكان پێشكەشی لایەنە ئەمنییەكانی هەرێمی كوردستانیان كردووە. بە هۆی ئەو ماددە كیمیاویەوە كە لە دەستی خەڵكەكە دەدرێت ئاشكرا دەبێت كە ئەو كەسانە دەستیان بەر ماددەی تەقەمەنی وەكو (تی ئێن تی) كەوتووە یان نا. بەشێوەیەكی گشتی تەنیا ئەو كاتانە تۆمەتبار دەستگیر دەكرێ كە زانیاری تەواو و بەڵگەی بەهێز لەبەردەستدا بێت بۆ دەستگیركردنی ئەو كەسانە، پاش دەستگیركردنیشیان تەنها بۆ چەند كاتژمێرێكی كەم لە ئاسایش دەمێننەوە . پاش وەرگرتنی زانیاری سەرەتایی وەكو ئەگەری هێرشی تیرۆریستی یان پلانی داهاتوویان رادەستی هێزە ئەمنییە تایبەتییەكان دەكرێن .

**هەڵپەساردنی سزای لە سێدارەدان**

هەبوونی یاسا یەكێكە لە پرەنسیپە هەرە سەرەكییەكانی مافی مرۆڤ، و جێبەجێكردنی دادپەروەری و سەقامگیری بۆ سیستەمی گشتی دابین دەكات. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش ئەو پەیماننامانەی تایبەت بە مافی مرۆڤ بەرهەم هاتوون خەسڵەتێكی یاساییان وەرگرتووە و خواستی هەر تاكێكی كۆمەڵگایە لە ژێر رۆشنایی رێساكانیدا بژیێت و دان بەمافەكانی دابنرێت. بەبێ جیاوازی و بەشێوەیەكی یەكسان، پێویستە یاسا ناوخۆییەكانیش بە شێوەیەك دابنرێن كە لەگەڵ كرۆكی مافەكانی مرۆڤدا بگونجێن. وەزارەتی دادی حكومەتی هەرێمی كوردستان بە دیهێنانی دادپەروەری و پاراستنی مافی مرۆڤ بە ئامانجێكی سەرەكیی خۆی دەزانێت و لە یاسای ژمارە (13)ی ساڵی 2007 لە ماددەی (2) بە ڕوونی ئاماذة بةوةدةكات كة : (ئامانجی وەزارەتی داد بەدیهێنانی دادپەروەری و پاراستنی مافی مرۆڤە لە ڕێگای داڕشتنی یاساكان و جێبەجێكردنیان بە شێوەیەك لەگەڵ بەڵگەنامە و پەیمانە نێودەوڵەتییەكانی تایبەت بە مافی مرۆڤ بگونجێت).

ئەو ئامانجەش لە كارەكانی دەزگاكانی وەزارەتی (داد) دا ڕەنگی داوەتەوە و پێكهاتەكانی وەزارەتی داد بەتایبەتیش ئەنجومەنی شورای هەرێمی كوردستان كە بە یاسای ژمارە (14)ی ساڵی 2008 كار دەكات و لە ماددەكانی (6 و 7)ی یاساكەیدا ئەركی یاسا كاری (تقنين القوانين)ی لە ئەستۆدایە. پرۆژە یاساكان بە شێوەیەك ئامادە دەكات كە لەگەڵ بنەماكانی مافی مرۆڤدا بگونجێت. هاوكات دەزگای داواكاری گشتیش كە سەر

بەوەزارەتی دادە و بە یاسای ژمارە (159)ی ساڵی 1979 کار دەکات، بەپێی ماددەی (7)ی یاساکەی چاودێری ڕەوشی مافی مرۆڤ دەکات لە هەرێمی کوردستان .

لەبەرئەوەی لەسێدارەدان سزایەکی نامرۆڤانەیە و لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤدا ناگونجێت، لە مادده (6) پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی شارستانی و سیاسیدا هاتووە: (دەبێت سزای لەسێدارەدان لە حاڵەتی زۆر تایبەتدا بسەپێنرێت) بەو مەرجانەی پەیمانەکە دیاریکردووە، و عێراق لە ساڵی 1971 ئەو پەیمانەی واژوو و پەسەند کردووە.

ساڵی 2003 بەپێی یاسای ژمارە (21) و (22)ی ساڵی 2003 ماددەکانی تایبەت بە تاوانەکانی دژ بە ئەمنی ناوخۆیی و دەرەکی وڵات و جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان لە یاساکانی هەرێمی کوردستان لەکار خران ،و دواتر لە ساڵی 2006 بە یاسای ژمارە (6)ی ساڵی 2006 دەروازەی دووەم لە یاسای (اصول المحاكمات الجزائية) خراوەتەوە کار کە تایبەتە بە جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان.

لە هەرێمی کوردستاندا سزای لە سێدارەدان بەرتەسك کراوەتەوە بەجۆرێك کە لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ بگونجێت و تەنانەت لە کاتی جێبەجێکردنیشیدا یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی(القانون الدولى الانسانى) پێشێل ناکات. چونکە تا ئێستا عێراق پرۆتۆکۆڵی ئیختیاری دووەمی تایبەت بە سزای لەسێدارەدانی هاوپێچ بە پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی شارستانی و سیاسی پەسەند نەکردووە، هەر کاتێکیش عێراق ئەو پرۆتۆکۆلەی پەسندکرد ئەوسا هەرێمی کوردستان ئەگەر سزای لەسێدارەدان جێبەجێ بکات ئەوا دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. هەروەها لە ساڵی 2012 یاسای لێبووردنی گشتی دەرچووە، ئەو تاوانکارانەی سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە سزاکەیان بۆ تا هەتایی کەم کراوەتەوە، لە ساڵی 2014 لە هەرێمی کوردستان چەندین حاڵەت هەبووە کە سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە لەسەر تاوانی جیاجیا لەوانە تاوانی (کوشتنی بە ئەنقەست بە ماددەی 406 و بردنی مرۆڤ بە ماددەی 422 و دەستدرێژیکردنە سەر مەحرەم (اغتصاب المحارم و اللواطة) بە ماددەی (393) .

ئەو تاوانبارانەی کە ئەو سزایەشیان بۆ دەرچووە خودکردارانە (تلقائيا) بڕیارەکانیان لەلایەن داواکاری گشتی و دادگای پێداچوونەوەدا پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت ، کە هاوکات لەگەڵ بنەماکانی پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی شارستانی و سیاسی یەکدەگرنەوە.

بە شێوەیەکی گشتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی بەردەوامدایە ئەو سزایە هەڵبگیرێت، بەڵام پێویستە دۆخەکە لەبار بێت بۆ نەهێشتنی .

8- تکایە ژمارەی ئەو بێسەروشوێنانەمان بدەنێ کە ناویان لەلای ئەو میکانیزم و لیژنانە تۆمارکراوە، ژمارەی هەموو ئەوانەی کە ماون یان مردووشن لەگەڵ پێچوونی ماوەی ئاگادارکردنەوەی خێزانەکانیان لە شوێن و چارەسەری کەسوکارەکانیان؟

9- لە نێوان ساڵی 2016-2018دا چەند بەرپرسی دەوڵەتی ئەمنی و سەربازی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراوە سةبارةت بةبابةتةكاني :

یەکەم: دەستگیرکردنی خەڵک بەبێ هەبوونی دەسەڵاتی یاسایی بە ئەنجامدانی ئەو کارە و نەبوونی فەرمانی دادوەر بۆ دەستگیرکردن کاتێک داوای نیشاندانی ئەو فەرمانە کراوە؟

دووەم: وەرگرتنی بەرتیل لە خێزانی دەستگیرکراوەکان؟

سێیەم: پێشێلکردنی بڕگەکانی ئەو یاسایانەی کە باس لە بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ دەکەن؟

تکایە ئەوەندەی دەتوانن وردەکاریمان بدەنێ لە بارەی ئەو کەیسانە وەک: پلەی بەرپرسەکە و ناوی ئەو هێزە ئەمنی و سەربازیەی کە لەم کارەدا گلاون. چەند لەو بەرپرسانەی کە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراوە، ئایا  رووبەڕووی ڕێکاری یاسایی بوونەتەوە؟ چەندیان سزا دراون؟ چ سزایەکیان بەسەردا سەپێنراوە، لەو کەیسانەی کە بەرپرسەکە سزای زیندانیکردنی بەسەردا سەپێنراوە ماوەی سزای زیندانییەکە چەندبووە؟

10- ئایا هیچ دەستپێشخەرییەکی حکومی و پەرلەمانی لە ئارادایە بۆ دەرکردنی یاسایەک سەبارەت بە بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ یان ئەنجامدانی چاکسازی لە یاسای سزادانی عێراقی کە تێیدا بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ بکرێتە تاوانێکی جیا لەو یاسایەدا؟